**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ

**بەرایی**

ئەوەی لەبەر دەستتان دایە، بەیتی هەمزاغای مەنگوڕە. ساڵی ١٩٨٢، لە ڕووی شریتی تۆمار کراو لە زاری " محەممەدی خەزاڵێ "، ناسراو بە " حەمەدی بەیتان[1] "، نووسراوەتەوە. ئەگەر لانی کەم یەك نوسخەی ترم لەم بەیتە دەست کەوتبایە، بێشك کارێکی پوختتر و بە کەڵکترم لێپێکدێنا. بە داخەوە دەستم نەکەوت و تا ئەمڕۆش، جگە لە محەممەدی خەراڵێ، لە هیچ بەیتبێژێکی ترم نەبیست. بەڵام چونکە بەیتەکە لە گەڵ زۆربەی زۆری سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەم، کە ئێستا لە بەر دەستدا هەن، یەك دەگرێتەوە، بە ناوی نوسخەیەکی باوەڕپێکراو و بە کەڵك قەناعەتم پێکرد.

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن؛ ئەوە بەڵگەیەکی باش نییە کە بەیتەکە لەگەڵ کتێبە مێژووییەکانی ئەو سەردەم یە بگرێتەوە. چونکە ئەوان بە لایەنگری لە دەوڵەتەوە نووسراون و بە چاوی دوژمنانە لە کوردیان ڕوانیوە. بەڵام چونکە نە بەیتەکە لە ڕووی ئەو کتێبانە دانراوە و نە ئەو کتێبانەش لە ڕووی بەیتەکە نووسراونەوە، ئەوە نیشان دەدا کە هەر دوو لا ڕاستن و بەیتەکە جێی بڕوایە. " هەر دوو لا ڕاستن "، بەو مانایە نییە کە بێغەل و غەشن. نا، ناواخنی دوژمنانە لە تەواوی سەرچاوەکاندا هەبوو، بەیتەکەش لە جێیەك بە هەڵە چووبوو. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە نوختەی هاوبەشیان زۆرە و بە بەراورد کردنی سەرچاوەکان لەگەڵ یەکتر و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ بەیتەکە، کورتەیەکی لە واقیع نزیکی ڕووداوەکە پێك هات و لەم تەتەڵە کردنەدا ناواخنە دوژمنانەکان هەڵپەرتێوران. هەڵەی بەیتەکە لەو بەشە لە بەیتەکەدا کە بەیتبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە ئەوەیە:

" ... هەمزاغا کە لە بناوێڕا هاتەوە، ڕۆیی بۆ تورکییەی. پادشای تورکییەی گرتی و حەوت ساڵان لە ئەستەمبوڵێ گیرا... "، یانی لە ١٨٨٠ هەتا ١٨٨٧. بە قسەی بەیتبێژ، هەمزاغا پاشی ئەو ساڵە کە لە زیندان دەرچووە، هاتۆتەوە سابڵاغ و کوژراوە؛ یانی لە دوای ١٨٨٧. کەچی حاجی سەیاح کە لە ١٨٨٢ هاتووەتە سابڵاغ، سۆراغی قەبری هەمزاغای گرتووە و یەکێکیان لە خەڵکی شار بۆ بانگ کردووە تاکوو ڕووداوەکەی بۆ بگێڕێتەوە.[2]

هەڵبەت بەشی دوایی بەیتەکە، کە بە قسە دەگێڕدرێتەوە، لەگەڵ دەقی بەیتەکە نییە و پاشان لێی زیاد کراوە. جا لەوانەیە " حەمەدی بەیتان " یا بەیتبێژێکی پێش ئەو زیادی کردبێ. خاڵی هاوبەشی بەیتەکە لەگەڵ سەرچاوەکان زۆرە، لێرەدا تەنیا یەکێك لە ڕووداوەکان بۆ نموونە بەراورد دەکەین: «... در اوطاق تحتانی شاهزاده که بنده با میرزا تقی نشسته بودیم ... که حمزه‌آقا با یکی از برادرزادگان خود و یک نفر چوپوقچی و یک نفر نوکر دیگر وارد اوطاق شده... چندان فاصله نکشید که دیدیم فراش‌باشی شاهزاده با یک نفر فراش که زنجیر در دست داشت، داخل اوطاق شدند. فراش‌باشی رو به حمزه‌آقا کرد و گفت: این زنجیر را شاهزاده برای شما فرستاده باید زیارت کنی. »[3]

بەیتەکەش دەڵێ:

" هەمزە مەردی کارخانێ

هیچ بەو کارەی نازانێ

بە خۆ و بە قلیاندارێ

دەهات لە بۆ دیوانێ

لە خواجا بێداریان دا

حاکم چۆ باڵەخانێ

خڕەی زنجیران دەهات

فەڕاش گەینە پێشخانێ

کاك هەمزە تۆ ماچیکە

موقەسسیری دیوانێ..."

هەندێك لە سەرچاوەکان ڕووداوەکانیان بە ساڵی زایینی تۆمار کردبوو، هەندێکیان بە هەتاوی، و زۆربەشیان بە کۆچیی مانگی. لە مانگەکانیشدا هەر ئەم چەند بەرەکییە هەبوو. هەوەڵ کاری پێویست ئەوە بوو کە سەرجەم مانگ و ساڵەکان بگۆڕدرێن و ببنە یەك، تاکوو لە هەوەڵ تا دوایی ڕووداوەکە هەموو بکەوێتە سەر یەك ساڵ و مەعلووم بێ هەر ڕووداوە لەگەڵ ڕووداوی پێش خۆی و پاش خۆی چەندی بەین هەبوە. ئەوە کارێکی گرینگ بوو و دەبوو بکرێ. بە داخەوە لە کتێبە مێژووییەکانی ئێمەدا کەمتر بایەخی پێدراوە.

لە دواییدا، هەر وەك بەیتبێژ دەڵێ، ئەم بەیتە بەیتی "خرناڵە"یە. هەوڵ و تەقەللام بۆ ناسین و پەیدا کردنی کورتەیەك لە ژیانی ئەو کەسە بە هیچ کوێ نەگەیی. ناچار هەر بەوەندە قەناعەتم کرد: " مەجیدخان، دوو بەیتبێژی بە ناوبانگی بووە، یەکیان **هەڵکەتی** و ئەوی تریان **خرناڵ**. هەڵکەتی و خرناڵ هەر دوو خەڵکی **محاڵ** ی مەجیدخان بوون و بەیتی هەمزاغا و عەبدوڵڵاخان لە زمانی وانەوە دەگێڕنەوە."[4]

## کورتەی ڕووداوەکە



هەمزاغای مەنگوڕ

ئەم بەیتە باسی **هەمزاغای مەنگوڕ** دەکا و بەشێك لەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٨٠ لە ناوچەی **موکریان** هەڵگیرسا و چەند مانگێکی خایاند و دامرکا. هەڵبەت ڕووداوەکە لە موکریانرا دەستی پێنەکرد و ڕەگ و ڕیشەی دوور و درێژی هەبوو کە دەگەڕێتەوە بۆ **باکووری کوردستان** و هۆیەکانیشی زۆر گرینگ و شیاوی باسن. بەڵام ئەم بەیتە سەرجەمی ڕووداوەکەمان لە عوسمانییەوە تا کۆتایی بۆ ناگێڕێتەوە و هەر وەك لە ناوی بەیتەکە ڕا دەردەکەوێ، باسی چلۆنایەتیی تێکەڵ بوونی هەمزاغا و کێشرانی ئەو بۆ ناو شۆڕشی **شێخ عوبەیدوڵڵا** دەکا و لەو ناوەشدا ئەوەی پێوەندیی بە هەمزاغاوە هەبێ، بۆمانی دەگێڕێتەوە. یانی ئەگەر ئێمە تەنیا بە شوێن هەمزاغاوە بین، ئەوە بەیتەکە لە نووکەوە مەسەلەی هەمزاغا دەگێڕێتەوە هەتا کوژرانی. بەڵام ئەگەر مەبەستمان شێخ عوبەیدوڵڵا و شۆڕشەکەی بێت، ئەوجار بەیتەکە ناتەواوە و لێی دەرناکەوێ کە شێخ کێ بوو؟ چیکرد؟ بە کوێ گەیشت و لە ئاکامدا چیلێبەسەرهات؟

چونکە هەر دوو هەر ڕووداوێکن، وا باشترە بەر لە بەیتەکە چاوێك بە سەرجەمی ڕووداوەکەدا بخشێنین، بەڵام زۆر بە کورتی و تا ئەو ڕادەیە کە لە تاقەت و حەوسەلەی وتارێکدا بێ.

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی شێخ تەهای هەمزینی بوو. محەممەدشای قاجار[5]، باوکی ناسرەددین شا، کە گۆیا تەمایولاتی سۆفیانەی هەبووە، لە ساڵی ١٨٣٦ پێنج ئاوایی لە محاڵی مەرگەوەڕ بە شێخ تەها بەخشیوە و پێنسەد تمەنیشی بۆ بڕیوەتەوە. لە زەمانی ناسرەددین‌شادا حکوومەتی ئێران لە بڕیاری محەممەدشا پاشگەز بۆوە و لە ١٨٧٢ داوای ماڵیاتی لە کوردەکانی (ورمێ) و (خۆ) کرد. ئەوانیش بە ئاشکرا نەیاندا و گوتیان ئێمە ماڵیاتمان داوە بە شێخ عوبەیدوڵڵاو ئێستاش هەر دەیدەین بە وی، و ئەو مافەش لە لایەن محەممەدشاوە دراوە بە شێخ. دەوڵەتی ئێران لەشکری کێشا و شێخیش بۆ پاراستنی مافی خۆی پەنای بردە بەر ( باب عالی ). دەوڵەتی عوسمانی، ( والیی ئەرزەڕۆم )ی ناردە تاران، بەڵام بێسوود بوو.

شێخ کە لە شەڕی ساڵی ٧٨ – ١٨٧٧ ی نێوان عوسمانی و ڕووس، بە لایەنگری لە عوسمانی و دژی ڕووسیە چووبووە ناو شەڕ و توانیبووی لە ( بایەزید ) ڕووسەکان بشکێنێ، ناوێك و ئیعتیبارێکی بۆ خۆی پەیدا کردبوو. لەم وەختەدا کە هێزێکی گەورەی چەکداریشی بە دەستەوە بوو، هەوڵی دەدا سەرنجی دەوڵەتی ئینگلیس بۆ لای خۆی ڕاکێشێ تاکوو لە پێکهێنانی ناوچەیەکی سەربەخۆی کورد دا یارمەتیی بدا.[6] هەڵبەت شێخ نەیدەویست بە بێبوار لە ئاو بدا، هەر بۆیە ڕاوێژی لە گەڵ ( شەریفی مەکە ) و ( خەدیوی میسر ) کرد و تەنانەت ڕاسپاردەیەکی نهێنیشی ناردە باڵوێزخانەی ڕووس لە ئەرزەڕۆم و وان تاکوو بیروڕای ڕووسەکانیش لەم بارەوە بزانێ.[7] پاشی ئەو چاوپێکەوتنانە، چەك و کەرەسەی شەڕ ئەوەندەی پێویست بوو لە لایەن ئینگلیسەوە گەیشت.[8] تەنیا ئەوە مابوو کە شێخ دەستپێبکا؛ بەڵام لە کوێڕا؟ عوسمانی یان ئێران؟ لە بەر چەند هۆیەك وای بە باش زانی کە لە ئێرانڕا دەستپێبکا.

هەمزاغا، سەرۆك هۆزی مەنگوڕ و کوڕی باپیرئاغا، کە پازدە ساڵ لەمەوبەر لە خاکی عوسمانیدا چاوی بە شێخ کەوتبوو و ناسیاوی لەگەڵ پەیدا کردبوو، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ حاکمی سابلاغ ڕایکرد و پاشی پازدە ساڵ سەر لە نوێ گەڕاوە لای شێخ و لە هێرشی شێخدا بۆ سەر ئێران، بە ناوی فەرماندەیەکی نیزامی هاتەوە سابلاغ. بەڵام هۆی ناکۆکیی هەمزاغا لەگەڵ حاکم و ڕاکردنی بۆ ناو لەشکری شێخ چبوو؟ بەیتەکە باسی ئەوە دەکا.

ساڵی ١٨٨٠، حکوومەتی سابلاغ بە دەستی شازادەیەکی کەللەڕەق و لە خۆڕازی بوو بە ناوی **شازادە لوتفعەلیخان**[9]. ئەو شازادە لووتبڵندە، بە پەلەپەل و تەماحێکی زۆرەوە دەستی کردبووە کۆ کردنەوەی زێڕ و پووڵ و هەر ڕۆژە بە بیانوویەك، ئاغایەك و سەرۆك عەشیرەتێکی دەگرت و شتێکی لێدادەتاشی. حاکم، بۆ کۆکردنەوەی ماڵیات و هەندێ کاروباری ناوچە، ڕاوێژی بە هەمزاغا و قادرئاغا[10] دەکرد. ڕۆژێك هەمزاغا، ئیزن لە حاکم دەخوازێ کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك سەری ئاوایی بداتەوە و بە کاری خۆی ڕابگا. حاکم ئیزنی نادا. هەمزاغا بە بێئیزنی حاکم دەچێتەوە گوندەکەی. حاکمی لەخۆبایی کە بەوە دەزانێ، لە مانگی ڕەمەزانی هەمان ساڵدا، هەواڵی هەمزاغا بە ناوی ( یاغی ! ) بە شاری وەلیعەهد نشینی تەورێز ڕادەگەیەنێ.

شازادەیەك لە لایەن ( اقبال‌الدوله )ی حاکمی ورمێ، کە بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ کاروباری حکوومەتی هاتبووە سابلاغ، بە دوو وشە بەینی حاکم و هەمزاغا خۆش دەکاتەوە و ئیدی دڵئێشەیەك لە نێواندا نامێنێ. چەند ڕۆژ پاشی ئەو ئاشتبوونەوەیە، **شازادە موزەففەرەددین میرزا** ( مظفرالدین میرزا )ی وەلیعەهد، کە لە بێکیفایەتی و سستیدا ناوبانگی دەرکردبوو، لە تەورێزڕا، بە بێ هیچ پرس و ڕایەك فەرمانی گرتنی هەمزاغا و لە کۆت و زنجیرکردنی ئەو بۆ حاکمی سابلاغ بەڕێ دەکا، بێخەبەر لەوەی کە حاکم و هەمزاغا بە بەریوانی پیاوی ئیقبالودەولە ئاشت بوونەوە.

لای ئێوارەی یەکێك لەو ڕۆژانە، هەمزاغا لەگەڵ **حەمەد** ی برازای و **سلەمان** ی قلیانداری و سێ‌کەس لە نۆکەرەکانی، بەرەو دارالحکوومە دەچێ تاکوو شفاعەت بۆ **عەزیزئاغای فەتاح** بکا، کە لە سەر ماڵیات لە زیندان کرابوو. بێخەبەر لەوەی کە فەرمانی گرتنی خۆی لە تەورێزەوە هاتووە.

هەمزاغا و حەمەد و سلەمان و نۆکەرێك دەچنە ژووری و دوو نۆکەریش لە دەری ڕادەوەستن. ( میرزا تقی‌خان محرر ) هەواڵی هاتنی هەمزاغا بە حاکم ڕادەگەیەنێ و شازادەش بە بێ یەك و دوو دەستوور دەدا بیگرن. لە کاتێکدا کە هەمزاغا و پیاوەکانی لە هۆدەیەکی خواری ڕاوەستابوون، **فەڕاشباشی** لە پلیکانان دێتە خوار و فەڕاشێکی زنجیر بە دەستیشی لەدواوە. ڕوو لە هەمزاغا دەکا و دەڵێ: حەزرەتی والا دەفەرمێ ئەم زنجیرە زیارەت بکەی و بیخەیە ئەستۆت! هەمزاغا کە نازانێ چخەبەرە و چی‌قەوماوە، دەپرسێ: کێ؟ فەڕاشباشی دەڵێ: تۆ!

هەمزاغا ڕاستەوە دەبێ و هەر ئەوەندە دەست بۆ خەنجەر دەبا، کەس لە ژوورێدا نامێنێ و هەر یەکە بۆ لایەك هەڵدێن." هەمزاغا لە دارالحکوومە وەدەر دەکەوێ، بەڵام لە حەوشە سەربازەکان پێشی دەگرن. ئەمجار خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێ، سەربازەکانیش تەقە دەکەن. لە ئاکامدا دوو سەرباز دەکوژرێن و چەند کەسیش بریندار دەبن. لەو بەینەدا برازا و قلیانداری هەمزاغاش دەکوژرێن.

" هەمزاغا ئاوڕی داوە

( حەمەد ) و ( سلەمان ) کوانێ؟

حەیفێ لە بۆ ( حەمەد )ی

گوژراوە مەردی مەیدانێ. . . " - بەیتی هەمزاغا -

هەمزاغا ئەوێ شەوێ پیاوەکانی وەکۆ دەکا و لە تەپڵی دەدەن و بە دەوری شاردا دەگەڕێن.

" چرپان چرپان پەیدا بوو

لە کووچە و لە داڵانان

هەمزاغا دەنەڕێنێ:

دە تفەنگم لە بۆ بێنن

دە زرێ و دەمەرقۆپانێ

دە ئەسپم لە بۆ بێنن

مەتاڵ و حەیزەرانێ. . . " - بەیتی هەمزاغا -

شازادەی لاو، کە هەروا بێ‌تەگبیر و تەدبیر کاران دەکا، بە پەلە مەبەستەکە بە تەورێز ڕادەگەیەنێ و داوای یارمەتی دەکا، و بەو جۆرە ئاگری شەڕێکی توند و خوێناوی لەو ناوچەیەدا هەڵدەیسێ کە هەتا نزیك تەورێزی پێدەسووتێ و قازانجی هیچ لایەکیشی تێدا نابێ. لە ئازەربایجانەوە یارمەتی بەڕێ دەکرێ و **محەممەد حوسێن خان** و **محەممەد سادقخانی موقەددەم** و **ڕەحیم‌خانی چەلەبیانلوو** هەر یەکە بە سوارەی خۆیانەوە بەرەو ساباڵغ داژوون. هەواڵی لەشکرکێشی بە گوێی هەمزاغا دەگا. شێخ عوبەیدوڵڵا کە پێشتر کاری خۆی قایم کردبوو و ئامادەی هێرش بۆ سەر ئێران بوو، هەلگەڕانەوەی هەمزاغای لەو دەمەدا بە شانس زانی و یەکێك لە خەلیفەکانی خۆی، بە ناوی **شێخ کەماڵ**، کە لە سەیدەکانی گوندی **خاڵدار** و خەلیفەی **سەید تەهای** باوکیشی بوو، نارده لای هەمزاغا و بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەوە هۆی چوونی هەمزاغا بوو بۆ لای شێخ.

شێخ، پاشی کێشانی پلانی شەڕ، هەمزاغای لەگەڵ **شێخ عەبدولقادری** کوڕی خۆی، کە ئەودەم لاوێکی بیستوسێ ساڵانە بوو، ڕەوانەی **تەرگەوەڕ** و **مەرگەوەڕ** کرد. هەر لە هەنگاوی هەوەڵدا، **حەمەدئاغای مامەش**[۱۲] لەگەڵ **بێوک خان**، سەرۆکی قەرەپەپاغەکان، هاتنە سابلاغ و چاویان بە حاکم کەوت و پێیان ڕاگەیاند کە؛ تاکوو ئاگری شەڕ بڵێسەی نەستاندووە و دوژمن تەنیا دووهەزار و پێنسەد کەسی پیاو هەیە، با هەڵکوتینە سەری و دەرفەتی پێنەدەین.[۱۳]

" حەمەدئاغا سوار دەبوو

دەهات لەبۆ سابلاغێ

پرسی بە حاکمی دەکرد

ماشەڵڵا چەن[د] نادرم

دەستم دەگەڵ بدەنێ

ئەز ڕێیەی لێدەگرم... " - بەیتی هەمزاغا -

بەڵام حاکم کە بە جارێك قەڵەمی دەستوپێی شکابوو، هیچ بڕیارێکی بۆ نەگیرا و نەیتوانی وەڵامێکی بە کەڵکیان بداتەوە. ئەوانیش کە وایانزانی، چیدی خۆیان پیاو خراپ نەکرد و یەکڕاست بە پێشوازی شێخەوە چوون و ڕەگەڵی کەوتن، بەڵام بە نابەدڵی و ناعیلاجی.

هەواڵی ڕەگەڵ شێخکەوتنی حەمەدئاغا و بێوك خان، بە جارێ حاکمی تۆقاند و هەرچی زووتر لە تەواوی دەستوپێوەند و هێزەکانی خۆی ویست کە ڕەوانەی تەورێزی بکەن و سابلاغ بەجێبێڵن. بەم جۆرە، لە ۲۸ی سپتامبری ۱۸۸۰، حاکم بەرەو میاندواو وەڕێ کەوت و هەندێکیش لە ئاغاکان و بەگزادەکان، لەگەڵ سوارەکانی **چارداوڕوو** و **چەلەبیانلوو** و **موقەددەم** و **بەختیاری** بەڕێیان کرد.

" ئەگەر حاکم وایزنی

هیچ کەس لە سەری ناکات

دەسبەجێ حاکم هەڵات... " - بەیتی هەمزاغا -

دوو ڕۆژ پاشی هەڵاتنی حاکم، لەشکری شێخ بەبێ هیچ شەڕوکێشەیەك، پێدەنێنە سابلاغ (=۳۰ی سپتامبر)، و لە قەراخ شار چادر لێدەدەن و **خانباباخان**ی کوڕی **مەجیدخان** لە لایەن شێخ عەبدولقادرەوە دەکرێتە حاکمی سابلاغ.

ئامانج، گرتنی تەورێزە. بەرەو ئەو ئامانجە، هەوەڵ شاری سەر ڕێگا، میاندواوە کە دەبێ بگیرێ. **میری بەگی بەردەسوور** ی خاڵی شێخ، بە دووسەد سوارەوە بەرەو میاندواو دەچێ و لە شەڕێکدا بە دەستی **سەلیمخانی چارداوڕوو** دەکوژرێ.

" سەلیمخانی چەرداوڕوو

وەك پۆڕێ دەچریکێنی

دەگەڵ تفەنگی دەیهاویشت

لە خاڵی شێخی دەدا

لە زینی دەترازێنی

وەك جەلاب دەبڕێ سەری

وەك هەڵۆی دەڕفێنی... " - بەیتی هەمزاغا -

پاش کوژرانی میریبەگ، شێخ بە تەواوی هێزەوە دەچێتە سەر میاندواو، بە لەشکرێکی گەورە و بەربڵاو و تێکەڵ لە هۆزەکانی ( مەنگوڕ، مامەش، پیران )[١٤] ، گەورك[١٥]، زەرزا، ڕەمك[١٦]، فەیزوڵڵا بەگی[١٧]، دێبۆکری[١٨] و بەگزادە[١٩]. بەو جۆرە، نۆهەزار سوارە و هەشت هەزار پیادە و دەهەزار کەسیش بەربڵاو و بێسازمان[٢٠] و سەربەخۆ، بۆ وەکۆ کردنی ماڵ و غەنیمەت، بەرەو میاندواو وەڕێ دەکەون.

ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ میاندواو دەکەوێتە دەستی شێخ. **خرناڵ**ی بەیتبێژ، کە لە نزیکەوە شاهیدی کارەساتەکە بووە، ئاوای دەگێڕێتەوە:

" ئاوری بەردەنە شاری
بێت بە ڕۆژی حەشرێیە
تەقە تەقی مارتینان
لە بڵەسەی دە شەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کووچە و لە دالآنان
منداڵ و خێزان قووڕین
دەپەڕینە سەر بانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن
لە سەر باغ و بێستانان
دە دەرێنن کلیلان
دە بشکێنن دوکانان
ئەتڵەس و کیمخوا و خارا
بۆ گاوان و شوانان... " - بەیتی هەمزاغا -

لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠، لەشکر بەرەو **بناو** ڕۆیشت. لە ماوەی یەك حەوتووی ڕابردوودا، کە میاندواو لە دەستی شێخدا بوو، ناوی لە سەر لاپەڕەی ڕۆژگار کوژایەوە و ڕوحلەبەری تێدا نەما. هەرچەند حەمەدئاغای مامەش، کە لە گەمارۆی شاردا، لای **بناو** ی بە دەستەوە بوو و زۆری ژن و منداڵ دەرباز کردن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ٨٠٠ مسوڵمان، ٢٠٠ هەرمەنی[٢١] و ٥٠ جوو کوژران.

ئامانج تەورێزە؛ دوویەم مەنزڵی سەر ڕێیە بناوە.

" هەمزە بڵێند بوو لە ناوێ
لە بریقەی زرێ و قەتڵاوێ
ئەوچەل دەچمە سەر بناوێ... " - بەیتی هەمزاغا -

لە دوای ڕووداوی میاندواو، هەندێك لە ئاغاکان لە لەشکر هەڵبڕان و گەڕانەوە. زۆربەی ئەو ڕەش و ڕووتەش کە وەدوای تاڵان و ماڵ کەوتبوون، هەر بە تاڵانی میاندواوێ قەناعەتیان کرد و چیدی وەدوای لەشکر نەکەوتن.

" ئەو تاڵان و ماڵی هات
پاکی تاقەت کراوە
یێکێك لە دێبۆکریان

مینەی قادراغای ناوە
لە بنەبنەی سەهەندی
تالان و ماڵ گێڕاوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی کێشاوە - بەیتی هەمزاغا -

بەم جۆرە، سپای شێخ قەڵشی تێکەوت و لە لایەکی تریشەوە ئۆردووی دەوڵەتی لە تەورێزەوە بۆ بەرگری هاتبوونە بناو و هێزێکی گەورەیان لە سەرباز و خەڵك پێکهێنابوو. چونکە خەڵکەکە دەیانزانی ئەگەر بێتوو بە ئەوپەڕی لەخۆبوردوویی شارەکەیان نەپارێزن، چارەنووسێکی وەکی میاندواویان لە پێشە، بەڵکوو خراپتر.

لەو دەمەدا کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا بە ئامانجی تەورێزەوە، میاندواو و **مەڵکەندی**یان گرتووە و لە فکری بناو دان، شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەیەکی تازەش لە ڕۆژئاوای **گۆلی ورمێ** دەکاتەوە کە ئەویش هەر بەرەو تەورێز دەبێتەوە. بۆ کردنەوەی ئەو بەرە نوێیەش لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠، یەکێك لە خەلیفەکانی خۆی بە ناوی **شێخ محەممەد سەعید** بە چوار هەزار تفەنگچییەوە لە محاڵی **برادۆستڕا** دەنێرێتە سەر ورمێ. محەممەد سەعید لە **قەڵای سمایلئاغا**[22] ئوردوو لێدەدا.

شێخ بۆخۆی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠، بە سیهەزار کەس لە سوارە و پیادەی عەشایری هەرکی، زەرزا و دەشتەبێڵ، بە محاڵی مەرگەوەڕدا دێتە **باراندێز**[23] و چەند سەعاتێك لەوێ ئوردوو لێدەدا و پاشان لە ئاوایی **سیر**[24] مزڵ دەگرێ و لەوێشەوە دێتە **سنسرکیس** و لە قەراخی باشووری شارەوە چادر هەڵدەدا. محەممە سەعیدیش لە قەڵای سمایلئاغا دێتە دەر و تێکەڵ بە سپای شێخ دەبێ و بەو جۆرە حەوت هەزار کەس دەوری ورمێ دەگرن.[25]

شێخ داوا لە خەڵکی شار دەکا کە بەبێ شەڕ و کێشە تەسلیم بن. کەیخودای شار کۆدەبنەوە و وا تەگبیر دەکەن کە ئەگەر هەتا سێ ڕۆژان بتوانن شێخ بخافڵێنن، یارمەتییان لە تەورێزەوە پێدەگا و ڕزگاریان دێ. دوو کەس دەنێرنە لای شێخ و داوای سێڕۆژ مۆڵەت دەکەن، بەڵام شێخ دوو ڕۆژیان لێقەبووڵ دەکا. خەڵکی شار لەو دوو ڕۆژ دەرفەتە کەڵك وەردەگرن و هەواڵ لە **ئیقبالوددەولە** ی حاکمی شار دەنێرن، کە ئەو دەم لە دەرەوەی شار مابووەوە. ئیقبالوددەولە بەرەو ورمێ دێ و شێخ لێی حاڵی دەبێ کە ئەو دوو ڕۆژ فرسەت خواستنە دەهۆ بووە و خەڵك نایانەوێ تەسلیم بن. **شێخ محەممەد سەدیق** بە دوو هەزار سوارەوە دەنێرێتە پێش ئیقبالوددەولە و **ڕەزابەگ** ناوێکیش دەکاتە مەئمووری گرتنی ورمێ.

محەممەد سەدیق لە ئاوایی **گجین**[26] چاوەڕوانیی ئیقبالوددەولە دەکا، بێخەبەر لەوەی کە ئیقبالوددەولە ئاگای لەوی هەیە و بە ڕێگایەکی تردا بەرەو ورمێ چووە. بەم جۆرە، بەبێ ئەوەی تووشی یەك بن، ئیقبالوددەولە شەوی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ دەچێتە ناو شار و خەڵك تەیار و دەرك و دەروازەکانی شار قایم دەکا. کەوایە، لێرەدا شێخ هەلێکی زۆر گرینگ و بە نرخی لە کیس دەچێ، کە ئەو هەلە جارێکی دی دووپات نابێتەوە.

پاشی تەواو بوونی دوو ڕۆژ مۆڵەت، شێخ بە لەشکرێکی گەورەوە بەرەو شار وەڕێکەوت. ترس و خۆفێکی زۆر بە سەر شاردا زاڵ ببوو و ئیقبالوددەولە و کەیخودا و ڕدێنسپی و مەلا و بەشێکی زۆر لە خەڵکی شار کۆ ببوونەوە و ڕاوێژیان دەکرد. لەم کۆبوونەوەیەدا، کۆنسوولی ئینگلیس و پاشی ئەو، حەکیم ساحێب، هەر یەکە لە قسەکانی خۆیاندا خەڵکیان ترساند و گوتیان پیاوەکانی شێخ هەتا چەند سەعاتی تر بە ناو شار وەردەبن و ئەگەر بێتوو بە

خۆشی تەسلیم نەبن، ورمێش وەکی میاندواوی لێدەقەومێ. بەڵام ئیقبالوددەولە لە وەڵامی قسەی هەردووکیاندا زۆر بە توندی دوا و خەڵکی دژی شێخ تین دا.

ئاکامی کۆبوونەوەکەی حاکم و کەیخودایانی ورمێ بووبە ئەوە کە پێنج مەلا و ڕدێنسپی لەگەڵ کونسوولی ئینگلیس بنێرنە لای شێخ و داوای دوو ڕۆژی تر مۆڵەت بکەن. ئەم وەفدە چووە لای شێخ، بەڵام شێخ لە ئامانجی خەڵکی شار گەیشتبوو و دەیزانی چاوەڕوانن یارمەتییان لە تەورێزەوە پێبگا. وەڵامی نەدانەوە و تەنیا سێچوار کاتژمێری مۆڵەت دانێ کە بە خۆشی تەسلیم بن. کونسوول و حەکیم ساحێب دیسان لەگەڵ خەڵك دوان، بەڵام ئیقبالوددەولە هەر وا خەڵکی گەرم ڕادەگرت و بە هیچ جۆر حازر بە تەسلیم نەبوو. تەنانەت حەکیم ساحێب و کونسول چاویان لە سەعات دەکرد و خەڵکیان هان دەدا کە، تاکوو شێخ بە زۆر نەهاتووەتە ناو شار، بە خۆشی تەسلیم بن.

شێخ هەر ئەو جۆرە کە ڕایگەیاندبوو، دوو سەعات بەر لە بانگی شێوانی یەکشەممۆ، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠، بەرەو ورمێ داکشا و پاشی ماوەیەك، شەپۆلی ئینسانان ورمێی گرتە ناوخۆ. شەڕ دەستی پێکرد. هەردوو لا بە چاکی تەقەلایان دەکرد. ئیقبالوددەولە لەم ماوە کورتەدا توانیبووی تەواوی دەروازەکانی شار قایم بکا و بە جوانی پیاوەکانی بە سەریاندا دابەشێ. شێخ ڕووی لە هەر دەروازەیەك دەکرد لە گەڵ ئاگری تۆپ ڕووبەڕوو دەبوو. شەڕی ئەوێ شەوێ بەو جۆرە کۆتایی هات و ئەو شارە کە دوو ڕۆژ پێشتر، گرتنەکەی بۆ شێخ وەك ئاوخواردنەوە بوو، ئێستا پاشی یەك شەو شەڕی توند و خوێناوی نەگیرا.

**ـ ٢٥ و ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ ـ:**

ئاڵای سپی لە سەر بانی ماڵی **مەنسوورپاشا** ی کونسوولی عوسمانی و ئاڵای ئینگلیس لە سەر بانی خانووی کونسوولی ئینگلیس هەڵدرابوو. **شێخ سەدیق** توانی خۆی بگەیەنێتە بن دەروازەی شار و بگەڕێتەوە. لەم دوو ڕۆژەدا سوننییەکانی ناو شار، گشتی کەوتنە ژێر چاوەدێری. هەندێك لە لەشکری شێخ توانییان لە کەلێنێکەوە بچنە ناو شار. دوو لەشکر ئەوەندە لە یەك نزیك بوون کە نەدەکرا بە تفەنگ شەڕ بکرێ، بەڵکوو بە قۆنداغ و خەنجەر وەگیانی یەك کەوتبوون. شێخ لە نامەیەکی دۆستانەدا بۆ ئیقبالوددەولە، لێی ویست کە تەسلیم بێ. ئیقبالوددەولەش بە نامەیەکی پڕ لە ڕێز و ئیحتیرام داوای شێخی ڕەد کردەوە.

**ـ ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ ـ:**

شەڕ بە توندی درێژەی هەبوو، بەڵام لەم ڕۆژەدا لەشکری شێخ بە هۆی کەمبوونەوەی باڕووت و تەقەمەنی، کشانەوە دواوە.

**ـ ٢٨ و ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ ـ:**

شەڕ هەروا درێژەی هەبوو. خەڵکی ورمێ لەوەی کە توانیبوویان چەند ڕۆژ شێخ لە دەرەوەی شار ڕاگیر بکەن، ترسیان شکابوو و ورەیان قایمتر ببوو؛ تا ڕادەیەك کە لە شار وەدەرکەوتن و لەگەڵ لەشکری شێخ ڕووبەڕوو ڕاوەستان.

**ـ ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ ـ:**

لەشکری شێخ، ئەوڕۆش سەرکەوتنی زۆریان دەستکەوت؛ تەنانەت توانییان لە لایەکەوە بچنە ناو شار، بەڵام کۆکردنەوەی تۆپەکان و ئاگردانیان بۆ سەر ئەو شوێنە بووبە هۆی کشانەوەیان. لەو ڕۆژەدا خەڵکی شار تا ڕادەیەك ورەیان بەردابوو، ئیقبالوددەولە بۆ ڕاگرتنی ئەوان، بەشێکی زۆری لە سەربازەکانی خۆی بە مۆزیقوباڵەبان و

جل‌وبەرگی گۆڕیووەوە لە یەکێك لە دەروازەکانی شاردا هێنا ژووریّ و وای نیشان دا کە لـە تـەورێزەوە هیمـدادیان بـۆ هاتووە. ئەو کارەی ئیقبالوددەولە بەرهەمێکی باشی بۆ خۆیان هەبوو.

- ١ و ٢ی نوامبەری ١٨٨٠ -:

یەکی نوامبەر، شەڕ توند بوو و هەروەك ڕۆژانی پێشوو لە هەوەڵەوە سەرکەوتن بە شێخ بوو، تا ڕادەیەك کە لەوانە بـوو شـار بـە تـەواوی بگیرێ؛ بـەڵام تـا درێـژەی دەکێشا، کوردەکـان پـتر شـل‌دەبوونـەوە و دەکشانـەوە دواوە، تـاکوو وای‌لێهات بۆ سبەینیّ‌ڕا [٢ی نوامبەر]، مەجبوور بوون بگەڕێنەوە شوێنی سێزدە ڕۆژ لەمەوبەر، یانی بچنەوە ئاوایی **سیر**.

کونسوولی ئینگلیس، کە تا ئێستا بـە ئاشکرا پشتیوانی لـە شـێخ دەکـرد، لـەو ڕۆژەدا کـە زانـی لـە شکسـتن و هیـوای سەرکەوتنیان کەمە، لە ورمیّ‌ڕا بە ڕێی سابڵاغدا هات و ڕووی کـردە **بنـاو** و چـاوی بـە سـەرۆکی هێزەکانی دەوڵەت کەوت و وتووێژی لەگەڵ کرد؛ کە ناوەرۆکی باسەکە تا ئێستا لـە هـیچ بەڵگەیەکدا وەدەست نەکـەوتووە، بـەڵام شـك لەوە دا نییە کە ئینگلیسەکان لەم سەودایەدا قازانجی خۆیان ڕفاند. هەڵبـەت کونسـوول لـەو سـەفەرەدا نامەیەکیشی لە لایەن شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ شێخ عەبدولقادر هێنابوو، کە گەیاندی.

پاشی ئەوەی لەشکری شێخ لە کێوی سیر مزڵیان گرت، لە بەینی شێخ و ئیقبالوددەولەدا چەندین نامە ئاڵوگۆڕ کـرا، بەڵام هیچ بەرهەمێکیان نەبوو. ئـەمجار شـێخ کەوتـە ئامـادە کردنـی لەشـکر بـۆ بـە زەبرتـرین هروژمـی خـۆی؛ کـە دەیەویست سبەی بیکا.

- ٣ی نوامبەری ١٨٨٠ -:

دوای نوێژی بەیانی هێرش دەستی پێکـرد. بـەڵام چونکە هێزەکـانی ورمـیّ، گەیشـتنی یارمـەتییان لـە دەرەوەڕا، بـە نزیـك دەزانـی پشـتئەسـتوور ببـوون و ئومێـدێکی زۆریـان پەیـدا کردبـوو. بـەم جـۆرە شـەڕی ئـەو ڕۆژەش بێ‌ئاکام مایەوە.

- ٤ی نوامبەری ١٨٨٠ -:

ئەوڕۆ شێخ ئاگادار بوو کە **تەیموور پاشاخان** ی **ماکۆ**، بە شەش هەزار کەسەوە هاتووەتـە **قوشچی** و لـەوێش‌ڕا ئـەوە بەرەو ورمیّ دێ. شێخ بە سەرجەمی لەشکرەوە ڕووی کردە **قەڵای سمایل‌ئاغا** تاکوو ڕێگەی هاتنی تـەیموور پاشـاخان بۆ لای ورمیّ ببەستیّ. هەر لە هەوەڵ شەڕدا کوردەکان توانییان ٣٠ وشتری قۆڕخانەی دوژمن بە غەنیمەت بگرن.

لەم ڕۆژە و چوار ڕۆژی پاشیدا چەندین جار دوو لەشکر لە یەکیان دا، کـە لـەو بەینـەدا ئـاوایی **عەسـکەر ئابـاد**[٢٧] بـە تەواوی خاپوور و قەتڵوعام کرا.

هـەر لـە هەوەڵـەکانی نوامبـەری ئـەو سـاڵەدا بـوو کـە هێزەکـانی نـاردراو لـە تـەورێز و تـاران، لـە ژێـر ڕکێفـی **ئیعتیمادوسسـەلتەنە** (اعتمـاد السـلطنه)، بـە شـەش‌هـەزار پیـادە و دووهـەزار و پێنسـەد سـواری **شاسـەوەن**[٢٨] بـە سەرکردایەتیی **فەرەجی خان** و **نەجەفقولی‌خانی یۆرتچی** بە هانای لەشکرەوە هاتن و لە سەر ڕێی خۆیان کوشتیان و سووتاندیان و تاڵانیان کرد.

شـێخ عەبـدولقادر و هـەمزاغا شـکان و بـەرەو **شـنۆ** کشـانەوە دواوە. ئـوردووی دەوڵـەتی هاتـە نـاو شـار و **حـاجی سـەدرووددەولە** (حـاجی صدرالدوله) بـە دەسـتووری تـاران بووبـە حـاکمی سابڵاغ. لـە گەڕانـەوەی لەشکری ئێرانـدا، هەندی لەشکرێکیش خەڵکی داغداری ڕۆڵە کوژراوی ماڵ و سامان بە تاڵان‌چوو بۆ لای سابڵاغ هات، کە جگە لە تۆڵە شتێکی تریان لە بەر چاو نەبوو. ئاکامی ئەوەش بووبە قەتڵوعام و کارەساتێکی وەها کە لە مێژوودا وێنەی زۆر کەم

بووە. **ئەسکەندەری غۆریانس** کە لە هەوەڵ تا دوایی ڕووداوەکە خۆی لە سابلاغ و ئاواییەکانی دەوروبەر بووە، لە ڕاپۆرتێکا کە بۆ ناسرەددینشای نووسیوە، دەڵێ: " ئاوری تۆڵە وەها لەشکری هەڵگرتووە کە بە بێئەوەی لە بیری ئابڕووی دەوڵەتدا بن، گەرەکیانە تۆوی کورد لە سەر زەوی هەڵبگرن و تەواوی ئاوەدانییەك بسووتێنن".

لە زمان (**حاجی صدرالدوله**)ی حاکمی سابلاغیش ببیسین کە دەڵێ: " مەگەر دەستووری شای ئێران ئەوەیە کە میللەتێك بە تەواوی بنەبڕ و بەشێکی وڵاتەکەشی وێران بکرێ؟ یان ئەوەی کە تەنیا تاوانبارەکان سزا بدرێن؟! منیان کردووەتە حاکمی سابلاغ، بەڵام کێهە سابلاغ؟! شارێك کە ڕوحلەبەریتێدا نییە و لەتکە دیواری ڕووخاو نەبێ شتێکیتر وەبەر چاو نایە! حکوومەت بە سەر کێدا بکەم؟ دوێنێ هەندێ لە فەرماندەکان پەنجەیان بۆ ئەو ئاگرە ڕادەکێشا کە لە ئاواییەکان بەرز دەبۆوە و پێیان دەگوتم: ئەوە چراخانی حکوومەتی تۆیە. بەڵام من لە جیاتی ئەوان شەرم دەیگرتم". شایەد هەر ئەم قسانەی (**حاجی صدرالدوله**) بوو بێتە هۆی ئەوەی کە نەهێڵن حکوومەتی سابلاغ بە دەستەوە بگرێ. هەر چۆنێك بێ دوای گیران و ئەهوەن بوونەوەی سابلاغ، **حەسەنعەلیخانی ئەمیرنیزامی گەڕووسی** بووبە حاکم.

ئێوارەی ڕۆژی ٨ی نوامبەری ١٨٨٠، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ چەندەمین جار هێرشی بردە سەر لەشکری تەیموورپاشاخان، بەڵام زۆری خۆ ڕانەگرت و لێبڕاو بە پاشەکشە بوو. پاشی ئەو هێرشە بێئاکامە، شێخ بۆ دوایین جار پلانی هێرشێکی تری کێشا و لە سپای دوژمنی دا، بەڵام ئەمجارەش بێ سوود بوو. لە لایەکی تریشەوە سابلاغ کەوتبووە دەستی دەوڵەت و ئومێدێك لەولارا نەمابوو. ناچار لە ڕۆژی هەینی، ١٢ی نوامبەری ١٨٨٠، شێخ بۆ لای سنوور کشایەوە و مەیدانی چۆڵ کرد.[٢٩] بەڵام ترسی شێخ هێشتا لە دڵی خەڵکدا مابوو و شیانی گەڕانەوەیان دەدا.

دوای شکانی شێخ،ماڵی سوننییەکانی ناو شار و دەوروبەر گشتی تالان کرا و خۆشیان لە ترسی لەشکری داغداری ئێران، خاك و وڵاتی خۆیان بەجێهێشت و لە سنووری ئێران و عوسمانی وێڵ و ئاوارەی شاخ و کێوان، برسی و تینوو مابوونەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا، **شێخ هیدایەت** ناوێك بە خۆ و شەست کەسەوە هاتە ورمێ و لە سەر دەستی شێخەلئیسلامی ئەو شارە بوونە شیعە.[٣٠]

هەشت مانگ پاشان، یانی ٢٩ی ژوئێنی ١٨٨١، **عەلائوددەولەی ئەمیرنیزام** لە تەورێزەوە بە ڕێگای مەراغە و سابلاغدا بەرەو ورمێ هات. لە درێژەی ڕێگادا چاوی بە زۆربەی ئاغاکان و سەرکردە دەوڵەتییەکان کەوت و چاکەی دانەوە. لە لاجانێ، لە لایەن **حەمەد ئاغای مامەشەوە** پێشوازیی لێکرا. عەلائوددەولە پاراستنی سەرتاسەری ئەم ناوچەیەی بە حەمەد ئاغا ئەسپارد و ئاموشۆی ئێلی مەنگوڕی بەم ناوچەیەدا قەدەغە کرد و لە حەمەد ئاغای ویست مردوو یا زیندووی هەمزاغا تەحویل بدات. بەم جۆرە بە کاوەخۆ گەیشتە ورمێ و لە ١٥ی ژوئیە پێی نایە ناو شار.

**ئەمیرنیزامی گەڕووسی** کە لەو دەمەدا حاکمی سابلاغ بوو، هەروا لە هەمزاغا خەفتابوو و بە هەرچی فێڵ و تەڵەکەیەك بوایە، دەیەویست لە ناوی بەرێ.

و بەڵام، لێرەڕا کە باسی چۆنیەتی کوژرانی هەمزاغا بە دەهۆ و پیلانی ئەمیرنیزامی گەڕووسی دەگێڕینەوە، چیدی بە سەر ڕووداوەکەدا بازد نادەین و هەندێك وردتر لە مەبەستەکە دەڕوانین، چونکە ناوەڕۆکی ئەم باسە " بەیتی هەمزاغا "یە و ئەوەش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە باسەکەمانەوە هەیە.

## ***کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕ***

دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ خاکی عوسمانی، هەمزاغاش بە خۆ و بە سوارەکانییەوە هەر بۆ ئەو وڵاتە ڕۆیی، بەڵام وەکی شێخ عوبەیدوڵلا بێدەنگ دانەنیشت، بەڵکوو قەدەر نا قەدەرێك سنووری دەشکاند و دەهات دە خاکی ئێرانەوە. دەوڵەتی ئێران زۆر بە ئاواتی چارەسەر کردنی ئەم گرفتە بوو و پێی خۆش بوو بە هەر چەشنێك بێ ئەو نیگەرانییەش لە ناو بەرێ. ئەمیرنیزامی گەڕووسیش دەیەویست ئەو گرێپووچکەیە بە دەست و تەدبیری خۆی بکرێتەوە و پاداش و سەربڵێندیی ئەو کارە لە لایەن شای ئێرانەوە حەڵاڵی خۆی بکات.

ئەمیرنیزام دەیزانی هەمزاغا لەگەڵ **میرزا قاسمی قازی**[31] نێوانی هەیە و بڕوا بە قسەکانی دەکا. پێوەندی بە میرزا قاسمەوە گرت[32] و پێی گوت: " دەزانم کە هەمزاغا زوڵمی لێکراوە و حکوومەتی پێشووش بە سەهو چووە، دەنا پیاوی وەك هەمزاغا زۆر بە کاری دەوڵەت دێ و ئێمە پێویستیمان پێی هەیە "[33]. بۆ ئەوەی قسەکانی زیاتر وێبچێ، یادداشتێکی بە خەتی خۆی نووسی و لەوێدا بەڵێنیی حکوومەتی کوردستان[34] و سابلاغی بە هەمزاغا دا. میرزا قاسم نامەکەی گەیاند و وەڵامەکەی بۆ حاکم هێنایەوە. هەمزاغا لە وەڵامدا گوتبووی: " ئەگەر وەزیر لە تایفەی قاجار بوایە قەتم بڕوا پێنەدەکرد، بەڵام چونکە ئەویش هەر وەکی خۆم عەشیرەتە، ئەگەر بێتوو سوێندم بۆ بخوا و پەیمانم لەگەڵ ببەستێ، ئەوە بڕوای پێدەکەم و دێمە لای."[35] حاکم سوێندی بۆ خوارد و لە پشتی قورئان ئاوای بۆ نووسی: " تا ڕوحی من لە سەر ئەم دنیایە بێ و زیندوو بم، لەگەڵتم و دەتپارێزم و ئەگەر پێویست بێ سەری خۆمت بۆ دادەنێم ".[36] و بە مۆری خۆی، پشتی قورئانەکەی بۆ مۆر کرد.



مۆری حەسەنعەلیخان ئەمیرنیزامی گەڕووسی،
حاکمی سابلاغ و وەزیری فوائد عامە

قورئانەکەیان بۆ هەمزاغا برد، سوارەی برازای هەمزاغا، کە لاوێکی ئەگید و وریا بوو، گوتی: ئاغا! ئەمن سەلاح نازانم بچی. ڕاستە حاکمیش عەشیرەتە، بەڵام ناپیاوە. کەسێکی باوکی خۆی کوشتبێ، چ جێی متمانەیە؟! بەڵام هەمزاغا لە وەڵامدا، سوارەی بە ترسنۆکی تاوانبار کرد. سوارەش کە ئەم وەڵامەی بیست، گوتی هەرچەند دەزانم دەمانکوژن، بەڵام سەری من لەگەڵ سەری تۆیە. بەم جۆرە، قورئانەکە ماچ دەکەن و لەگەڵ چەند سواران وەڕێ دەکەون. زۆربەی سوارەکانیان لە پشت کێوی **عەلیئاباد**[37] بە جێدێڵن و لەگەڵ چەند سواران بەرەو **باغی شێخی**[38] دادەگەڕێن. دەگەنە باغی شێخی و چادر و سەربازی حکوومەتیان لێوەدەردەکەوێ. سوارە دەڵێ: " ئاغا! پێم سەلاح نییە بچینە ژوور؛ دەستوور فەرموو حاکم بێتە دەرێ تاکوو زۆر لە سوارەکانی خۆمان دوور نەکەوینەوە؛ با هەر لێرە قسەکانمان ببڕینەوە. " هەمزاغا دەڵێ: " جا پیاو لەم سەربازە ڕووت و برسییانە دەترسێ؟ "[39] یەکسەر دەچێتە ناو باغ و دادەبەزێ.حاکم لە پێشدا کاری خۆی قایم کردبوو و دەستووری دابوو دوو فەوج سەربازی هەڵبژاردە و لێهاتوو، لە ناو چادرەکانی لای ڕاستی چادری خۆی، بە تفەنگ و بارووت و گوللەی ئامادەوە قامك لەسەر پەلەپیتکە ڕاوەستن؛ و لە ڕووبەڕووی چادرەکەی خۆی، چادرێکی دیکە هەڵدەدەن و لە ناویشیدا خەندەکێك هەڵدەکەنن. بەر لە هاتنی هەمزاغا، دەستوور دەدا هەر کاتێك هەمزاغا هات و من لەگەڵی چوومە ژوور، ئێوە چاوەڕوان بن تاکوو دێمەوە دەرێ. پاشی هاتنە دەر، دەچمە ناو چادرەکەی ڕووبەڕوو، و خۆ لە خەندەکەکە داوێژم. ئا لەم کاتەدا ئێوە سەرجەم دەسڕێژی چادری هەمزاغا و پیاوەکانی بکەن.

پاش دابەزینی هەمزاغا، حاکم بە پێشوازییەوە دەچێ و دەیانباتە نێو چادر. دەوری سی کەس لە ناو چادرەکەدا دەبن و دەست دەکەن بە خواردن و خواردنەوەی شیرنی و شەربەت. حاکم بە بیانوویەك لە چادر دێتە دەر و دەستوپێوەندەکانیشی هەموو بە دوایدا دێن. بۆ ئەوەی شکی هەمزاغا بپەڕێنن، سێ پێشخزمەت و قاوەچییەك لە لایان بە جێدێڵن. حاکم و پیاوەکانی دەچنە ناو چادری ڕووبەڕوو و دەستبەجێ تەقە دەستپێدەکا. دوو فەوج سەرباز، حەوت کەڕەت دەسرێژی چادرەکەی هەمزاغا دەکەن.

پاشی وەستانەوەی تەقە، پێشخزمەتێك دەستەوخەنجەر دەچێتە ناو چادرەکە تاکوو سەری هەمزاغا ببڕێ و ئەویش بەشی خۆی خەڵاتێك وەربگرێ. بەڵام هەمزاغا کە دەستێکی ساغ مابووەوە و هێشتا نیوەگیانێکی مابوو، بەم یەك دەستە ساغە نۆکەرەکە دەکێشێتە بەر سینگی خۆی و وەبەر خەنجەرانی دەدا و دەیکوژێ.

سەربازەکان بە چادر وەردەبن و هەر کەس نیوەگیانە و جووڵەی دێ، تفەنگێکی لێدەدەن. ئەمیرنیزام فەرمانی کۆکردنەوەی جەنازەکان دەدا و سەری هەمزاغا و پیاوەکانی دەبڕێ و بۆ تارانی دەنێرێ.[40] شا ئێجگار خۆشحاڵ دەبێ و لە شێعرێکی خۆیدا بە حەسەنعەلیخان هەڵدەڵێ و خەڵات و نیشانی تایبەتی بۆ دەنێرێ. مەرگی هەمزاغا لە ٢٩ی ژوئیەی ١٨٨١، بەرامبەری ٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ی کۆچی ڕووی داوە. ساڵێك دوای کوژرانی هەمزاغا، یانی لە ژوئیەی ١٨٨٢، **حاجی سەیاح** هاتووەتە سابلاغ و لە قەبری هەمزاغای پرسیوە و چۆنیەتی ڕووداوەکەی لە خەڵك پرسیار کردووە.

***<u>وەفاتی شێخ عوبەیدوڵڵا</u>***

دوای شکانی هێزەکان و کوژرانی هەمزاغا، شێخ عوبەیدوڵڵا زۆری هەوڵ دا دیسان جوڵانەوەیەك دژی ئێران دەستپێبکاتەوە. لە ڕێگەی عوسمانیشەوە یارمەتیی بۆ دەچوو. بەم جۆرە لە ژانویەی ١٨٨٢، لە **وان** ەوە ١٩ بار"= ٣٨ سندووق" تفەنگی لە چەشنی **هێنری مارتین**، ٦ بار گوللە، ٤ بار گوللە تۆپی شاخاوی بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا نێردرا.[41] بەڵام ئەو تەقەللایانە هەموو بێسوود مانەوە و دەوڵەتی ئێران بە پشتیوانیی ڕووسیە و (ئینگلیس!!)، زۆری بۆ عوسمانی هێنا کە شێخ سزا بدات. دەوڵەتی عوسمانی، ناچار لە جولای ١٨٨٢ شێخ عوبەیدوڵڵای لە ئەستەمبوڵ زیندانی کرد، چەند مانگ پاشی لە زیندان ڕایکرد.[42] بەڵام بۆ جاری دوویەم گیرا و لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٨٨٢ لەگەڵ لەشکرێکی گەورە ڕەوانەی موسڵ کرا و لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٣ گەیەنرایە **ئەسکەندەروونە** و لەوێشەوە نێررایە **بەیرووت** و پاشی ئەوە بۆ **مەککە** و زۆری پێنەچوو کە لە هەمان ساڵدا لە **تایف** کۆچی دوایی کرد.

***<u>دەقی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ</u>***

[ لە تۆمارکردنی دەقی ئەم بەیتەدا، تا ئەو جێیەی لە توانایی ئەلفوبێیەکەدا بێ، فۆنەتیکی بنلەهجەی موکریانی وەبەرچاو گیراوە ]

(١)خالق هەر ئەتۆی لە سەر

ڕەببی هەر ئەتۆی لە سەر

چی تۆ پێت بێ ئیرادە

ڕانابرن هیچ موقەددەر

(٢)سێ موقەدەرن بە سەر دێن

مردن و گوشتن و گرانی

لە موکوریان دوو حێڵ بوون

**بەگزادە[٤٣] و قارەمانی[٤٤]**

**یەکێك بوو لە بەگزادان
حەیفێ بۆ عەلیخان ی
بانگی خانبابای بکەن
لە [ئە]حمەد بەگی وەگێڕن
قادراغا[٤٥] پێبزانی
ئەو دەبیرێکی چاکە
گەورەی دێبۆکریانی
کاغەزێکن بۆ بنووسێ
خزمەت پادشای ئێرانی
حاکمێکن بۆ بەڕێ کا
چاك بێ، پێ بە هەرزانی
(٣)پادشا تەگبیری دەکرد
شازادێکی[٤٦] بانگ دەکرد
زۆر چاکی نسحەت دەکرد
بەو دەیارە و زەمزەمە
بۆ سابلاغێی بەڕێ کرد
(٤)دە برۆ و ڕامەمێنە
خەڵکی تەفرەقە مەکە
مەخلووقی مەتۆقێنە
دەسەر ئاغاوەتان کە
حەمباراتان بشکێنە
بەو قەتار و بە باران
لە بۆ سابلاغێی بێنە
(٥)حاکم هات و وای نەکرد
دەس بە بێ نامووسی کرد
پیاوێکی وسێن ئاغای گرت
ئەو بێ سووچ لووتی کون کرد
وسێن ئاغا مودەبیر بوو
زۆر چاکی خزمەت دەکرد
کە چۆوە بۆ ماڵە خۆی
لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد
لـە ئاغاوەتان بوو غوڵوو**

ڕا و بێڕایان دەکرد
گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین
ئەو وەڵاتی خەرا کرد
(٦)هەمزە مەردی کارخانێ[٤٧]
هیچ بەو کارەی نازانێ
بە خۆ و بە قلیانداری
دەهات لە بۆ دیوانێ
لە خواجا بێداریان دا
حاکم چۆ باڵەخانێ
خڕەی زنجیران دەهات
فەڕاش گەینە پێشخانێ
کاك هەمزە تۆ ماچی کە
موفەسسیری دیوانێ
دەلاقت دەکەم کۆتێ
دە ملت دەکەم زەولانێ[٤٨]
لێرەشت لێناگەڕێم
دەتنێرم بۆ تارانێ
لەو هەمزاغای جوت غیرەت
دەستی برد بۆ خەنجەرێ
هەڵدەکێشێ دەبانێ
بە زەبرینگان لێی دەدان
زیڕەی برد بۆ عاسمانێ
(٧)تەقە تەقی مارتینان[٤٩]
لە بڵەسەی دە شەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کووچە و لە دالآنان
(٨)هەمزاغا دەنەڕێنێ
دە تفەنگم لە بۆ بێنن
دە زرێ و دەمەرقۆپانێ
دە ئەسپم لەبۆ بێنن
مەتاڵ و حەیزەرانێ[٥٠]
بە گەل وەدەر دەکەوتن
کادەروێشی[٥١] کوێستانێ

دەچوون بۆ باغی قیبلەی[52]
لەوێ دەدران لە سانێ
هەمزاغا ئاوڕی داوە
حەمەد و سڵەمان کوانێ؟
حەیفێ لە بۆ حەمەدی
کوژراوە مەردی مەیدانێ
سێ تەڵاقەی فڕێ دەدان
بە سێ جزمەی قوڕعانێ
لێرەشی لێناگەڕێم
دەیماڵم تا تارانێ
کۆنە خوێنم وەبیر دێن
وێساڵێ سەر بڕانێ
دەبێ بچمە نەهیریەی
بە سەنەد شێخی بێنم
لە بۆ عەجەم قڕانێ
(٩)ئەو دەمەی دەچۆ نەهرەی
دەگەڵ وەردووی شێخی هات
ئەو دەمەی شنۆی دەگرت
(١٠)لە مامەشان بوو غوڵوو
ڕا و بێڕایان دەکرد
حەمەد ئاغا سوار دەبوو
دەهات لە بۆ سابڵاغێ
پرسی بە حاکمی دەکرد
(١١)ماشەڵڵا چەن[د] نادرم
بە تیپ و بە لەشکرم
پیاوێکی ساحەب نێوم
بە بێ ئەجەل نامرم
دەستم دەگەڵ بدەنێ
ئەز ڕێیەی لێدەگرم
(١٢)مەجلیسی وا هەڵدایە
بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری پکەین
وەك دەوری نۆشیروانی

**دەڵێن شێخی دەگەڵە**

**پاك تەڵاقن دەكەوی**

**دەمرین بە بیٚئیمانی**

**(۱۳)حەمەد ئاغا سوار دەبوو**

**قەرەپەپاغی[٥٣] گاز كرد**

**دەگەڵ وەردووی شێخی هات**

**تاجران خۆیان خەڵاس كرد**

**(۱۴)لە هەمووی هەڵات هەڵات**

**وەخرِ بۆ هەزار ملەت**

**خرناڵ ە بەیتی دەكات**

**ئەگەر حاكم وایزانی**

**هیچ كەس لە سەری ناكات**

**دەسبەجێ حاكم هەڵات**

**(۱۵)با بدەین دەنگی لەشكری**

**دە با بێن ڕەمك و پیران**

**زەرزە بێن بە نادری**

**مەنگوڕ و مامەش و پیران**

**گەورك بێنە لەشكری**

**حێلی فەیزوڵڵا بەگی**

**بەگزادە و دێبۆكری**

**ئەوها دەڵێ كاك هەمزە**

**پاك كاغەزم بدەنێ**

**سەبەب بە سبحەی ڕۆژێ**

**كەس خەتای كەس نەگری**

**شێخ داوای موڵكی دەكا**

**تا تەورێزێی دەگری**

**(۱۶)تا تەورێزێم ئی وییە**

**یێكێك وا لە شارییە**

**ئەو برای تاجرباشییە**

**حوجرەی نەكرد خۆڕاییییە**

**دەڵێ ئەو ئالایەی بە شێخییە**

**سابلاغیان دروست كردییە**

**(۱۷)لە لرفە لرڤ ئالایە**

تەماحە ماڵی دنیایە
زۆر بترسین لە دوایە
پێن وەگێڕن ئەو قەزایە
(١٨)هەمزاغا سوار دەبوو
دە نۆکەران دەفکری
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی
دەگەڵ سبحەینێ تاو دەنگوت
دەورەی میاندواوێ دەگری
(١٩)هەمزاغا دەنەڕێنی
سەلیم خانی چارداوڕوو
وەك پۆڕێ[٥٤] دەچریکێنی
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویشت
لە خاڵی شێخی دەدا
لە زینی دەترازێنی
وەك جەلاب دەبڕێ سەری
وەك هەڵۆی دەڕفێنی
(٢٠)فەسڵێکی وا قەڵماوە
هەندێك لە پیاوی شێخی
**کاڵەموونی**[٥٥] یان ناوە
جوابیان دێنا بۆ شێخی؛
یا شێخ خاڵت گوژراوە
(٢١)شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە
هەم مەلایە و فەقێیە
دە بڕۆن لەو قسەی گەڕێن
چبکەم کاری خودێیە
دەبڕۆن، ڕەدوای کەون
بزانن مەنزڵی لە کوێیە
ئاوری بەردەنە شاری
بێت بە ڕۆژی حەشرێیە
(٢٢)تەقە تەقی مارتینان
لە بڵەسەی دە شەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو

له كووچه و له دالآنان
منداڵ و خێزان قووڕین[٥٦]
دەپەڕینە سەربانان
چەندیان عەجەم دەكوشتن
له سەر باغ و بێستانان
دە دەرێنن كلیلان
دە بشكێنن دوكانان
ئەتلەس و كیمخوا[٥٧] و خارا
بۆ گاوان و شوانان
(٢٣)بۆ گاوان و شوانی
لەو حەمەدئاغای مامەش
چەند پیاوێكی زۆرزانی
دەگەڵ عەجەمان یێكە
بە مەنگوڕان غەیانی
لای بناوێی لێدەگرتن
بەری بەرەڵڵا كردن
خلآسی كردن كرمانی[٥٨]
میاندواویش تالآن دەكرا
دەگەڵ بەری بەیانی
(٢٤)ئەو تالآن و ماڵی هات
پاكی تاقەت كراوە
یێكێك له دێبۆكریان
مینەی قادراغای[٥٩] ناوە
له بنەبنەی سەهەندی
تالآن و ماڵ گێڕاوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی كێشاوە
نایب و مودەبیران
له تێلگرافیان داوە
سەلام له شای ئێرانێ
خەراپن لێقەڵماوە
ئەو ڕەژی فرۆشی گەوركی
پاكی هاتۆ لەو لاوە

ئەو سەردەشتی وا دیوتە
ماڵ بە ماڵی سووتاوە
ئەو حەجەمیمیاندواوێ
بە سێك بەریش[60] نەماوە
(٢٥)شا دەڵێ: ئەوا ناکەم
بە قسەی [ئە]نگۆ بڕوا ناکەم
وڵاتی خۆم خەرا ناکەم
(٢٦)لەو شێخەکەی چاو مەستە
سبحەینێ لە خەو هەستا
(٢٧)لەو شێخەکەی دە چاو مەست
کە تفەنگی گرتبوو بە دەست
بانگی هەمزەی کرد لە قەست
(٢٨)هەمزە بڵیند بوو لە ناوێ
لە بریقەی زریە و قەتڵاوێ[61]
ئەو چەل دەچمە سەر بناوێ
(٢٩)هەمزاغا سوار دەبوو
سوارەی برازای کەوتە دوو
(٣٠)هەمزە دەڵێ برازا
دەمانچەی پشتێم سازە
لێیدە ڕاوە بەرازە
(٣١)هەمزاغا خۆ دەخێوی
سەرتاپا خۆی دەبزێوی
ڕمبی لێکردوون بە گەز
خارا و کیمخوای دەپێوی.
***

[ ئەمجار بەیتبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە ]

دەڵێ هەمزاغا گەڕاوە لە بناوێڕا، هاتەوە لەو وڵاتەی خۆی نەگرت. ڕۆیی بۆ سەرهەدی تورکیەی. لەوێ چوو بوو دە خاکی تورکییەیەوە. پادشای تورکییەی بە غەیانی زانی، گرتی. دەڵێ حەوت ساڵان لە ئەستەمبووڵێ گیرا. لە پاشان، پاشی حەوت ساڵەی، پادشای تورکییەی بەری دا. هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ. ئەگەر هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ، شا – وەزیرێکی لەو سابڵاغەی دادەنێ، پێی دەڵێن **وەزیرەچرچە**[62]. دەنێرێ لە دوای، دەڵێ: بۆخۆی بێ، شا خەڵاتی دەکات – و ئەمن سوێندی بۆ دەخۆم ئەگەر شا هیچی پێ‌نالێت و دەگەڵ شای ڕێك‌کەوێتەوە و ئەمین بێتەوە لە وڵاتی.

جا دەڵێ: هەمزاغا بە خۆی و بە حەوسەت کەسێوە هات لە حەلیاباتێ ئەو لەشکرەی لەوێ بەجێهێشت و هاتە خوار. وەزیرەچرچەش لەکن باغی شێخی، لە سەر ئەو کەرێزەی کە لێی بوو، لەوێ خێوەتی هەڵدەدا؛ خێوەتێکی زۆر گەورە. دەوری خێوەتێ هەموو دەکاتە مردەزیندە[٦٣]. چەند سەرهەنگ و یاوەر و گەورە گەورەش لەوێ دەخێوەتێدا دادەنیشن. دەڵێ: هەمزاغاش بە خۆی و بە چوار کادەروێشیانەوە و چوار نۆکەرانەوە لە سەر ڕا دێتە خوارێ. دەگاتە پشت باغی شێخی. تووشی گاڕانێ دەبێ. گاوانەکە دەڵێ: ئەرێ ئەتۆی هەمزاغا؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەمن هەمزاغام. پێی دەڵێ: وەڵڵاهی هەمزاغا، وەرە بەخاتری خوڵای مەچۆ؛ کوڕە وەڵڵاهی دەتکوژن! جوابی ناداتەوە، دەڕوا. لە پاشان پیرێژنێك بە دوای گاڕانێدا دێ؛ ئەویش دەڵێ: ئەگەر ئەتۆ هەمزاغای، وەرە پیاوی چابە بگەڕێوە! بە خوڵای دەتکوژن!! هەمزاغا بە کاکەڵڵای برای دەڵێ: وەڵڵاهی کاکەڵڵا، ئەمن قسەی ئەو پیرێژنەی و ئەو گاوانەم لە دڵی چەسپیدە بۆ. وەڵڵاهی دەگەڕێمەوە، دەچمەوە سەرهەدی، هەر هەزل[٦٤] و گیای وڵاتی دەخۆم، چ کارم بە دەوڵەتێ نێ. دەڵێ: کاکەڵڵا کوتی: کوڕە ئەتۆ بە قسەی چ باوەڕێ دەکەی؟ وەڵڵاهی هەر دەچم. سوار بوون لە سەر ڕا هاتنە خوارێ، گەیشتنە دەرکی خێوەتێ، دابەزین، هەر چوار کادەروێشێکان چوون دە خێوەتێدا دانیشتن، دەگەڵ وەزیر و دەگەڵ ئەو گەورە گەورانە. نۆکەرەکانیش لە دەرکێ وڵاغیان بە چەنگەوە ڕاوەستان. دەڵێ: هەمزاغا فکری لێپەیدا بوو. دەگەڵ وەزیرەچرچەی هەر قسەی دەکردن، وەزیر قوڕحانێکی چکۆڵەی بە دەستەوە بوو، چۆلەکێکیشی دە باغەڵی نابوو؛ دەیکوت: هەمزاغا! هەتاکوونێ ئەو سەرە بەو بەدەنەیەوە بێ، ئەتۆ هیچت پێناکوترێ، بەو قوڕحانەی.

دەڵێ: دەو قسانەدا بوو، وەزیر دەستی دا ئافتاوەی و هاتە دەرێ. هەمزاغا شکی لێپەیدا بوو. بە نۆکەرەکەی خۆی کوت: ئەو کاڵە شەمامەبەندیانە سووکن؛ وەمنیان بدە، ئەتۆ ئەو کەوش و گۆریانەی من دەپێکە. دەڵێ: لینگێکی بۆ داکەند، دەپێی کرد، لینگەکەی دیکەی بۆ دەپێ نەکرا، تەقەی تفەنگێکی هات. هەمزاغا کوتی: کاکەڵڵا! ئەمن ئەنگوام! تفەنگێکیان لە پشتی دام! کاکەڵڵا دەستی دا خەنجەرێ و هەڵیکێشا، لە هەر چوار لایان ڕا خێوەتیان هەڵبڕی؛ دایانگرتن. هەر یێکەی جووڵەی دەهات، تفەنگێکیان لێدەدان. دوو کادەروێشێکانی دیکەش دەرپەڕین، داپەڕین بۆ نێو شاری. دەستێك سەرباز لە ژێڵڵا هاتن، ئەوانیان کوشت. چوار نۆکەرەکان هەڵاتنەوە بۆ کن حەوسەت کەسی کە لە پشت شاری بوون؛ لە حەلیاباتێ. خەبەریان دانێ: وەڵڵا حاڵێکی ئاوا بوو، هەمزاغا کوژرا، کاکەڵڵا کوژرا و کادەروێشێکان هەموویان کوژران. ئەو حەوسەت نەفەرە لەوێ هەڵات.

سەری هەمزاغایان بڕی، بردیان بۆ تارانێ، بۆ خزمەت شای. شا بە ڕانی خۆی دادا، کوتی: حەیف بۆو پیاوەی کوژرا!! نەدەبا بتکوژپایە! ئەوە دەمناردە سەر وڵاتی لۆرستانێ ئەوێم پێ موستەخەڕ دەکرد. دەمکردە حاکمی وێ. حەیف بۆو پیاوەی کوژرا.

دەڵێ: هەمزاغا بەو جورەی کوژرا — و ئەو بەیتەش **خرناڵە** دایناوە، بەیتی خرناڵەی.

***تەواو بوو***

## پەراوێزەکان

[1] محەممەدی خەزاڵ، ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی/١٩٢١ی زایینی، لە گوندی **بەیرەم** ی سەر بە شاری مەهاباد لە دایک بوو. هێشتا مێرمناڵ بوو کە دایك و باوکی لە دەست دا و قورسایی باری ژیانی جوتێریی کەوتە سەرشانی. بە ناچاری و بە دوای بژیودا باری کرد بۆ گوندی **قادراوا**، لەوێ دەگەڵ کچێکی خەڵکی **قزڵجە** زەماوەندی کرد. پاشی پازدە ساڵ گەڕایەوە بەیرەم. بەرهەمی زەماوەندی **محەممەد** و **ئایشێ**، کوڕێك و کچێك بوو. محەممەد هەر لە منداڵییەوە ئۆگری بەیت و باوی کوردی بوو. لە لای ماموستایانی بەرز و بێناوی ئەدەبی زارەکیی کوردی، وەك: **کەریم ملخوار**، خەڵکی قالوێ زەندان؛ **ئەحمەدی سەعیدی**، خەڵکی گڵێنان؛ **ساڵە کوردە**، خەڵکی قادراوا؛ **مەلا محەممەدی غەفووری**، پێشنوێژی ئاوایی بەیرەم فێری بەیتەکان بوو. ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی/١٩٦٦ی زایینی، هاتە ڕادیۆ مەهاباد و ئەوی بەیتی دەیزانی تۆماری کرد. ساڵی ١٣٦٢ ماڵی هاتە مەهاباد، بەڵام تاقەتی نەهێنا و پاشی ماوەیەکی کورت، گەڕایەوە ئاواییەکەی خۆی، گوندی بەیرەم. محەممەدی خەزاڵ، ڕۆژی چوارەمی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٤، دنیای جێهێشت و لە گۆڕستانی بەیرەم نێژرا.

[2] خاطرات حاج سیاح یا دورهٔ خوف و وحشت، بکوشش حمید سیاح، به تصحیح سیف‌الله گلکار، کتابخانهٔ ابن سینا، ١٣٤٦، ص٢٥٥.

[3] "... لە هۆدەی ژێرووی شازادە، من و میرزا تەقی دانیشتبووین... کە هەمزاغا لەگەڵ یەکێك لە برازاکانی قلیانداریك و نۆکەرێك وەژوور کەوتن... زۆری پێنەچوو کە دیتمان فەڕاشباشیی شازادە لەگەڵ فەڕاشێکی زنجیر بە دەست هاتنە ژوور . فەڕاشباشی ڕووی لە هەمزاغا کرد و گوتی: شازادە ئەم زنجیرەی بۆتو ناردووە، دەبێ زیارەتی بکەی."

– تاریخ و جغرافیای دارالسلطنهٔ تبریز، تألیف شاهزاده نادر میرزا، با مقدمه و شرح و تعلیقات و تنظیم فهرستهای لازم از محمد مشیری، چاپ سوم، نهران، ١٣٦٠، ص٣٠٦.

[4] منظومهٔ کردی مهر و وفا، ضبط و ترجمه و توضیح از قادر فتاحی قاضی، تبریز، مهرماه ١٣٤٥، موسسهٔ تاریخ و فرهنگ ایران، دانشکدهٔ ادبیات تبریز، ص٢٢.

[5] کوڕی عەباس میرزا و سێیەمین پادشای تایفەی قاجار،ە. لە ١٨٣٤ لە سەر تەختی پادشایەتی دانیشت و لە ١٨٤٨ مرد.

[6] وەرگێڕانی دەستنووسی کتێبی: نقش شیخ، اقا و دولت در زندگی اجتماعی و سیاسی کردستان، م. وان. برونسه، ترجمه سید محمد صمدی، متن اصلی ١٩٧٨، هلند. " هێشتا چاپ نەکراوە "

[7] people without a country, edited by; gerard chalidnd, london, 1980.

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[9] " لطف‌الله میرزا معروف به آقا شاهزاده پسرطهماسب میرزا مؤیدالدوله "- مجلەی یادگار-

هەڵبەت لە کتێبی ( سرزمین زردشت )دا، بە ناوی شاهزاده احمد میرزا کشیکچی‌باشی ناوی هاتووە، کە هەڵەیە.

[10] بە قادرئاغای ئیندرقاش ناسراوە و لە تایفەی دێبۆکری بووە. بنەماڵەی قادرئاغا لە ناو دێبۆکرییەکاندا، بە تایفەی " هەباس‌ئاغا " مەشهوورن.

[11] خاطرات حاج سیاح.

[12] حەمەدئاغا، سەرۆك عەشیرەتی مامەش، کوڕی پیرۆت ئاغا بووە و لە ئاوایی **پەسوێ**دانیشتووە. بەر لە سەرۆکایەتیی حەمەدئاغا، عێلی مامەش کۆچەر بوون و گەرمێن و کوێستانیان کردووە. بەڵام بە دەستووری ئەو، خەڵك لە دێدا ماونەوە و خەریکی کشتوکاڵ بوون. ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی **نەڵۆس** ی شنۆ کۆچی دوایی کردووە و گڵکۆی لەو دێیە، لە گۆڕستانی **شێخ**

**ئالیی تەورێزی** ئێستا ماوە. پاشی ئەو، قەرەنیئاغای کوڕی، سەرۆکایەتیی عێلی مامەشی بە دەستەوە گرت. وەك دەڵێن؛ یەکەم کەس بووە لە ناو عەشیرەتدا کە معەلیمی ڕاگرتووە و کوڕەکانی دەبەر خوێندن ناوە.

[13] سرزمین زردشت؛ رضائیه، تالیف علی دهقان، انتشارات ابن‌سینا، چاپ اول، اسفند ١٣٤٨.

[14] بەم سێ عەشیرەتە وێکڕا دەڵێن "بلّباس". بلّباس هاوپەیمانییەك بووە لە نێوان مەنگوڕ و مامەش و پیران و برادۆست و ئاکۆ. ئێستا مەنگوڕ و برادۆست لەو هاوپەیمانییە هاتوونە دەرێ. هەڵبەت لە باشووری کوردستانیش تایفەیەك لە ڕابردوودا هەبوون بە ناوی **بلّباس**.

لە پۆلیکۆپیی ( جغرافیای ایران )، نووسراوی د.ڕەحیم هوەیدا، ل٥٦، ئاوا هاتووە: " بلّباسەکان لە باکووری ڕۆژئاوای سابلاغ دەژین و سنووریان لە لکبن و چۆمی کەلوێڕا هەتا بادیناوێیە. بلّباسەکان دوو تیرەن؛ مامەش و پیران. مامەشەکان حەشیمەتیان لە پیران پترە. ناوەندی عێلی مامەش، ئاوایی **پەسوێ** یە و ناوەندی پیرانیش **شیناوێ** یە."

[15] دەوری دووهەزار ماڵن و لەگەڵ مەنگوڕان هاوسنوورن. مێژووی نیشتەجێ بوونی ئەوان، لە گشت ئێلاتی موکری کۆنترە. ئاوایی **نستان** لە سەردەمی قاجارەکاندا ناوەندی ئەم خێڵە بووە، بەڵام ئێستا وا نەماوە. ئەو مەڵبەندە، لە دابەشینی کیشوەریدا، لە نێوان سەقز و مەهاباد دابەشکراوە. لە سەقز پازدە ئاوایین؛ بەڵام زۆربەیان سەر بە مەهابادن و ئەم بەشەی مەهاباد بووەتە سێ ناوچە، بەم چەشنە: گەورکی موکری، گەورکی نەڵێن، گەورکی سەردەشت. کاری زۆربەی خەڵکەکە ئاژەڵدارییە.

[16] ئەو خێڵە زۆرتر لە ئاوایی **شاوەلەی** موکریان ژیاون، ئێستاش هەندێکیان هەر لەوێ ماون. سەرۆکی (ڕەمك)ان، وەك بەیتێکی کۆن بۆمان باسدەکا؛ پیاوێك بووە بە ناوی **کانەبی فەقێوەیسە**. ئەو پیاوە لە شەڕێکی ڕووبەڕوودا لەگەڵ **ئەحمەدخان** ناوێك لە ئاغاکانی مەراغە، هەردوو بە دەستی یەکتر دەکوژرێن. گۆیا ئەو بەیتە، ژنێك دایناوە بە ناوی **خواز** کە خوشکی کانەبی بووە.

[17] **فەیزوڵلابەگ** کوڕی گەورەی **عەبدوڕڕەحمانبەگ** بووە. چونکە ئەم فەیزوڵلابەگە ئەولادی یەکجار زۆر بووە، لە ناو بەگزادەکاندا لە هەموان پتر و بەرچاوتر بوون. بەم جۆرە بە ناوی تایفەیەکی نوێ، پێیان گوتوون **فەیزوڵلابەگی**. کوڕەکانی فەیزوڵلابەگ ئەمانە بوون: حاجی محەممەد ساڵح بەگ، حاجی محەممەد حەسەن بەگ، شێربەگ، حاجی سەلیمخان، عەلیخان، ئەمانوڵلا بەگ، کەیخەسرەوبەگ، عەزیزبەگ، ڕەشیدخان، عەبدوڕڕەحمانبەگ. فەیزوڵلابەگ خۆی لەساڵی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە.

[18] ئەو عەشیرەتە لە دوایین ساڵەکانی سەڵتەنەتی ***نادرشای هەوشار*** و سەرەتای هاتنە سەر کاری ***کەریمخانی زەند***، لە ***ئامێدی*** باکووری کوردستانەوە هاتوونە موکریان. هەوەڵجار لە گوندی ***بەیرەمۆی*** نزیك ***شاوەلەی پیرانشار***نیشتەجێ بوون، و پاشان بە یەکجاری هاتوونە گوندی دێبۆکر و هەر بەو بۆنەشەوە بە ***دێبۆکری*** نێو براون.بەڵام بەر لە هاتنیان، لە ئامێد بە ***عەشیرەتی قارەمانی*** ناسراون، و ئێستاش یەکێك لە تیرەکانی دێبۆکری، لە ناوچەی موکریان، ئەو ناوەیان وەکی شۆرەتی بنەماڵە، هەر لەسەر ماوە. دێبۆکرییەکان، گەورەترین و دەوڵەمەندترین خێڵی موکریانن. لە سەردەمی هاتنیان بۆ ناوچەی موکریان، سەرۆکایەتی عەشیرەکە، بە دەست ***بەیرەمئاغا***وە بووە. گڵکۆی بەیرەمئاغا لە گۆڕستانی ***پیروبابزی*** باشووری ڕۆژئاوای مەهاباد، بە وارشێك نیشانەکراوە و ئێستا ماوە. ئەو گۆڕستانە دەکەوێتە نێوان دوو گوندی دێبۆکر و ***قازیئاوا***.

[19] نزیکەی هەزاروپێنسەد ماڵن، لە نێوانی سابلاغ و سەقزدا نیشتەجێن. زۆربەی ئاغاکانیان باسەوادن و ئەهلی شێعر و کتێب و مۆسیقان. کاری زۆربەی خەڵکەکە کشتوکاڵە و داهاتی ناوچەکەیان بەناوبانگە.

[20] سرزمین زردشت

[21] " تاریخ و جغرافیای دارالسلطنه تبریز " دەڵێ: ٢٠ هەرمەنی

[22] یەکێك لە ئاواییەکانی محاڵی **نازلوو** ی ورمێیە و کەوتووەتە هەژدە کیلۆمەتریی ڕۆژئاوای ورمێ. ئەو محاڵە سەرجەم ١٤٧ ئاواییە. ناوی ئەم گوندە، بە ناوی باپیری سمایلئاغای سمکۆ کراوە. لەم ئاواییەدا کێوێك هەیە کە شوێنەواری مێژوویی لە سەردەمی **ئورارتوویی** تێدا دۆزراوەتەوە.

[23] گوندی باراندێز، لە محاڵی باراندێز هەڵکەوتووە کە ئەو محاڵە سەرجەم ١٠٥ ئاواییە و کەوتووەتە باشووری شاری ورمێ.

[24] یەکێك لە ئاواییەکانی محاڵی " حەومە "ی ورمێیە. ئەو محاڵە سەرجەم ٣٢ گوندە و لە ڕۆژهەڵات و باشووری ورمێ هەڵکەوتووە.

[25] تاریخی ئەفشار دەڵێ: " لەم وەختەدا شێخ دوازدە هەزار کەسی لەگەڵ بوو. " - ل ٥٣٤ - " و بە گەیشتنی شێخ محەممەدئەمین و خەڵیفە سەعید، سەرجەم بوونە سیهەزار کەس. " - ل ٥٣٦ - .

[26] یەکێك لە ئاواییەکانی محاڵی ( روضه چائی ) ورمێیە. ئەو محاڵە سەرجەم ٢٠ ئاواییە و لە ڕۆژئاوای شاری ورمێ هەڵکەوتووە.

[27] یەکێك لە ئاواییەکانی محاڵی **نازلوو** یە. [بڕ: پەراوێزی ژ٢٢]

[28] وشەیەکی ترکییە، بە مانای **شادۆست**. لە سەردەمی سەفەوییەدا بە کەسانێك دەگوترا کە پشتیوانی شا بوون. لە سەردەمی شاعەباسدا بە سەربازانی تایبەتیی شا دەگوترا. ئێستا ناوی عەشیرەتێکی گەورەی ئێرانە کە لە تەورێز و ئەردەوێڵ و قەزوێندا نیشتەجێن. — فەرهەنگی عەمید -

[29] گۆڤاری یادگار دەنووسێ: " **شیخ در بیست و یکم ذیحجه ١٢٩٧ "٢٥ نوامبر ١٨٨٠" از راه مرگور به خاک عثمانی گریخت** ". واتە: شێخ لە بیستویەکەمی زیحەجەی ١٢٩٧، ڕێکەوتی ٢٥ی نوامبەری ١٨٨٠، لە ڕێگەی مەرگەوەڕەوە ڕایکردە وڵاتی عوسمانی. — **دورۀ مجلۀ یادگار، عباس اقبال آشتیانی، سال سوم، شمارۀ ششم و هفتم، بهمن و اسفند ١٣٢٥.**

[30] – تاریخ و جغرافیای دارالسلطنۀ تبریز، ئالیف شاهزاده نادر میرزا، با مقدمه و شرح و تعلیقات و تنظیم فهرستهای لازم از محمد مشیری، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٠، ص٣٠٦.

[31] کوڕی میرزا ئەحمەدی قازی و باپیری پێشەوا قازی محەممەد.

[32] گۆڤاری یادگار، سەرچاوەی پێشوو.

[33] خاطرات حاج سیاح، سەرچاوەی پێشوو.

[34] لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتییدا، مەبەست لە کوردستان، تەنیا مەڵبەندی ئەردەڵانە کە ناوەندەکەی شاری **سنە**یە.

[35] خاطرات حاج سیاح، سەرچاوەی پێشوو.

[36] خاطرات حاج سیاح، سەرچاوەی پێشوو.

[37] هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد، پشت پادگانی ئێستا.

[38] ئەو باغە ئێستا نەماوە؛ لە جێگای چوارڕێی مەولەویڕا هەتا پشت مەیدانی حەیواانانی ئێستای شاری مەهاباد هەڵکەوتبوو.

[39] خاطرات حاج سیاح، سەرچاوەی پێشوو.

[40] گۆڤاری یادگار، سەرچاوەی پێشوو. بەڵام حاجی سەییاح لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: " هەموو کوژراوەکان هەر لە هەمان شوێن نێژران." هەروەها؛ تاریخ افشار دەڵێ: " وەزیر سەری هەمزاغای بڕی و ناردیە ورمێ بۆ خزمەت عەلائوددەولە، ئەویش دەستووری دا سەرەکە بە نێزەوە بکەن و لە شاردا بیگێڕن. — **رسالۀ شورش شیخ عبیدالله، بە قلم علی افشار، نقل به مفهوم از: پرویز شهریار افشار، ضمیمۀ تاریخ افشار.** –

[41] خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ن.ا.خەڵفین، وەرگێڕ لە ڕووسیەوە: جەلال تەقی، سلێمانی، ١٩٧١.

[42] **ایران و قضیۀ ایران، جرج ن. کرزن.** "حاجی سەیاح، کە لە شەعبانی ١٢٩٩ی کۆچیدا/ مایسی ١٨٨٢، هاتووەتە سابلاغ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: سۆراغی وەزیری فەواید)ئەمیرنیزام(م گرت، گوتیان چووەتە ورمێ لای عەلائوددەولە، چونکە گۆیا شێخ عوبەیدوڵلا دیسان هاتووە بۆ لای سنوور. ئەو دەم **خوسرەوخان** ی برای ئەمیرنیزام، بە ئەمانەت حوکمڕانی سابلاغ بووە." هەڵبەت، هاتنەوە لای سنووری شێخ لە ساڵی ١٨٨٢ دا، دەبێ دوای ڕاکردنی ئەو لە زیندان بووبێ.

[43] بڕوانە پەراوێزی ژ١٩.

[44] بڕوانە پەراوێزی ژ١٨.

[45] قادراغای ئیندرقاش

[46] بڕوانە پەراوێزی ژ٩.

[47] پیاوی لێهاتوو، خاوەنی کاری گەورە و گران؛

" کافر وەستان لە سانێ

محەممەد پێیزانێ

تێمان دەخا قڕانێ

لێمان نادا وچانێ

لە بری مەردی کارخانێ..." - بەیتی حەتەم - لە زاری مینەی مرادی

[48] فەرهەنگە کوردییەکان ئەم وشەیان تۆمار نەکردووە، بەڵام مامۆستا گیو، لە **فەرهەنگی کوردستان** دا وشەی **زەولە** ی بە مانای مەچەکی پێ هێناوە. فەرهەنگی فارسیی **عمید** ئەم وشەیەی بە دوو شێوەی **زاولانە** و **زولانە** تۆمار و بەم چەشنە ڕاڤە کردووە: بەندێکی ئاسنە کە لە مل یا دەست و لاقی زیندانیی دەکەن/حەڵقە و زنجیرێکە ئەسپ و یەستری پێ سندم دەکەن.

ئەم وشەیە لە فۆلکلۆردا گەلێك جار بە کار چووە، وەك:

ئەگەر هات گەییە دیوەخانێ

ئەسپی بەرنە ئێختەخانێ

دەملی کەن کۆت و زەولانێ – بەیتی قۆچ عوسمان – تۆحفەی موزەففەرییە، ل٦٣٢.

[49] تفەنگی Marrtini-Henrys

[50] خەیزەران. لێرەدا مەبەست لە ڕمب و نێزەیە. حەیزەران جۆرە قامیشێکی ڕاست و بڵندە کە تاکوو بیست میتریش بەرز دەبێتەوە. Bamboo

[51] گۆیا بنەچەکەی مەنگوڕان دەچێتەوە سەر **کادەروێش** ناوێك./ د. جەوادی قازی لە وتاری **مەنگوڕ** دا دەڵێ: مەنگوڕ بە سەر ٢١تیرەدا دابەش کراوە، هەر تیرەیەکیش، کادەروێشییەك سەرکردایەتیی دەکا. – گۆڤاری سروە، ژ١٨، بەفرانباری ١٣٦٦، ل٢٥.

[52] هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد، واتە جێی پادگانی ئێستا.

[53] یانی **کڵاو ڕەش،** چونکە لە پێستی بەرخ کڵاوی ڕەشیان لە سەر دەنا، ئەو ناوەیان بە سەردا بڕا. بەر لەو ناوە، عەشیرەتی **بوزچلوو** یان پێدەگوتن، چونکە دانیشتووی ناوچەیەکی ئەراك و هەمەدان بوون کە ناوی ناوچەکە **بوزچلوو** بوو. شاکانی سەفەوی، سەبارەت بە ئازایەتیی و بوێریی ئەو تایفە، لە جێی خو هەڵیانکەندن و بۆ ڕاگرتنی گورجستان و بەربەرەکانی لەگەڵ تایفە غەوارەکانی ئەو دەوروبەرە هێنایاننە گورجستان و نزیکەی دووسەد ساڵ لەوێ مانەوە؛ تاکوو خولی هەوەڵی شەڕەکانی ئێران و ڕووس دەستی پێکرد و ئێران شکا و بە پێی ڕێکەوتننامەی **گوڵستان**، گورجستان بووبە هی ڕووسیە. قەرەپەپاغەکان کە بۆ پاراستنی گورجستان لە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە کرابوون، ئیدی کارێکیان نەما و نەشیاندەویست لە ئێران هەڵبڕێن؛ ناچار زەوی و زاری خۆیان جێهێشت و هاتنە ئەو دیوی سنووری نوێ. کە خولی دوویەمی شەڕەکانی ئێران و

ڕووس دەستی پێکرد، دیسان ئێران شکا و بە پێی ڕێکەوتننامەی **تورکمانچای** سنوور تەنگتر بۆوە و قەرەپەپاغەکان بە بێ ئەوەی لە جێی خۆیان ببزوون کەوتنە خاکی ڕووسیە! ناچار سەرلەنوێ بارگە و بنەیان تێکنا و هاتنەوە ئێران. ئەو دەم **سندووس** بە مولکی هی عەباس میرزای نایبوسسەلتەنە بوو، عەباس میرزا لە ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی [=١٨٢٩]قەرەپەپاغەکانی لە سندووس نیشتەجێ کرد و ئەو مەڵبەندەی بە وان بەخشی. قەرەپەپاغەکان خۆیان سوننی و شافیعی مەزهەبن، بەڵام سەرۆکەکانیان لە سەر مەزهەبی شیعەی ئەسناعەشەڕین. – سرزمین زردشت، ل٦٢.

٥٤ باڵندەیەکە لە ئەورووپادا، لە دورگەی سیسیل و لە ئێراندا، لە **جیروفت** ی کرمان و **ئیستراباد** و **دەشتی موغان** و باشووری ئێران و هەروەها لە ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەت لە کوردستان دەژی. بە کوردی **زڕەکەو**، **زیوەکەو**، **پوور** و بە فارسی **پور**، **تراج**، **کبك كر**، **جرب** و لە زۆر ناوچەش **مرغ حسین کشته شد** ی پێدەڵێن. بە عەرەبی **دراج** و **حیقطان** ی ناوە. Francolin.

ڕەنگ ڕەنگ پەپوولە ئەفڕێ زەلاوزەل

گا کناچەی پۆڕ، گا جریوەی مەل – گۆران، فرمێسك و هونەر، گەشت لە قەرەداغ –

[55] کاڵە موونی/کاڵە موونە/کاڵەمووین؛ هەندێ تیرەی کورد، لە باکووری کوردستان بە هۆی کەڵكوەرگرتن لە چەشنە پێڵاوێك کە لە مووی بزن دروست دەکرا، بە کاڵەموونی ناوبراون.

کاڵەی مووین هەڵدەبەستێ

کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ؟ – هەژار، بۆ کوردستان –

[56] قووڕاندن؛ بۆڕەی ڕەشە وڵاغ. هاوار کردنی سەگ و تاجی لە کاتی ئازار پێگەیشتنیاندا. – گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان

-

[57] پارچەی ئاوریشم. – هەژار، فەرهەنگۆکی شەرەفنامە –

نازك لەتیف، گەردەن زەریف، لەبسی شەریف، کیمخە و قەدیف

من دی ب وەخت، ئەو نیکبەخت، ئیروو ل تەخت فەغفوور بوو – مەلای جزیری –

اگر کمخا کنی، اطلس بپوشی همان سفتوسر سبزی فروشی – باستانی پاریزی، حماسەی کویر –

[58] بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەیتە، نوسخەی دەستنووسی کارەکەم نارده خزمەت مامۆستا قادر فەتاحی قازی، ئەو بە شێوەی توێژەرێکی زانا و ئەمەگدار، ئەوەی بە پێویستی دەزانی، لە چوار نامەی درێژدا، تێبینییەکانی خۆی پێڕاگەیاندم. لە بابەت وشەی **کرمانی** یەوە، لە یەکێك لە نامەکانیدا ئاوا دەنووسێ:" ناوی قەدیمی میاندواو، **مەرحەمەت ئاباد** بووە. ... هۆیەکی تری گەشە کردنی مەرحەمەت ئاباد ئەوە بوو کە لە سەردەمی **ئاغا محەممەدخانی قاجار** دا تاقمێك لە خەڵکی کرمان سەبارەت بە هۆکاری ڕامیاری، دوور خرانەوە بۆ ئازەربایجان و شارەکانی تری ئێران. یەکیش لەو ناوچانە کە بۆ دوورخراوە کرمانییەکان دەستنیشان کرا، مەرحەمەت ئاباد بوو. – پایان‌نامە، جغرافیای انسانی میاندواب، نگارش محمود محمدپور، سالتحصیلی ۳۶-۳۵، ص ۷-۶، شمارۀ پایان‌نامە ۳۷، کتابخانۀ دانشکدۀ ادبیات و علوم انسانی تبریز – ".

٥٩ کوڕی قادراغای ئیندرقاش. بڕوانە: پەراوێزی ژ١٠.

[60] [ بە سێ، یەك بەریش نەماوە ]، واتە لە سێ بەش حەشیمەتی میاندواو، بەشێکی بە تەواوی نەماوە و دوو بەشی فەوتاوە.

[61] مامۆستا قادر فەتاحی قازی، لە نامەیەکیدا، لە سەر ئەم وشەیە ئاوای بۆنووسیوم:" ظاهراً ***قەڵاتاو*** مثل ***کەرەتاو*** درست است. **قەڵاتاو** یعنی قلع تاب، تابندگی و درخشش فلز قلع کە در ساختمان زرە یا سلاح دیگر بە کار رفتە بودە. "

[62] هەمان **حەسەنعەلیخانی ئەمیرنیزامی گەڕووسی** یە، کە وەزیری فەوایدی عاممە بووە و دوایەش کراوە بە حاکمی سابڵاغ. ساڵی ١٢٣٦ی کۆچی لە **بیجاڕ** لە دایك بووە و لە ساڵی ١٣١٧ لە **کرمان** کۆچی دوایی کردووە؛ بەرامبەری ( ١٢٧٨ – ١١٩٩ی هەتاوی

/ ١٨٩٩ – ١٨٢٠ى زایینی ). ئەمیرنیزام، لە ساڵی ١٢٥٣ى کۆچیڕا تاکوو دوایین ڕۆژی ژیانی، یانی بە ماوەی ٦٤ ساڵ لە ناو ئێران و دەرەوەی ئێراندا بە بێپسانەوە کاری زۆر گرینگی سەربازی و ڕامیاری و کارگێڕی پێسپێردراوە. ئەمیرنیزام خۆی کوردی گەڕووسی و لە عێلی **کەبوودوەند** بووە. پشتاوپشت سەرۆك عەشیرەت و حاکم و دەسەڵاتدار بوون. باب و باپیرانی، لە دەزگای حکوومەتی سەفەوییە و زەندییە شدا، حاکم و کار بە دەست بوون.

[٦٣] قوڵکەیەکە، لە دەوروبەری ماڵ یا چادر هەڵدەکەنرێ و لە کاتی مەترسیدا کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەم وشەیە لە **فەرهەنگی مەردووخ** دا بە شێوە ئاخاوتنی **مردەزیننە** هاتووە و هاوتاکەی لە فارسیدا **کوله** بە مانی قوڵکە، و لە عەرەبیدا **ناموس** بە مانای حەشارگە نووسراوە.

[٦٤] دوور نییە هەمان **هەلز** بێ، کە گیایەکی کوێستانییە و بنکەکەی دەخورێ. [ **هەلز**: prangos ferulacea = prangos macrocarpa، **جاشیر** ]

* دەقی ئەم بەیتەم بۆ یەکەمجار ساڵی ١٣٦۴ (= ١٩٨۵) بڵاوکردەوە. هەرچەند بەیتەکان دەیان دەقیان هەیە، بەڵام لەوساوە تاکو ئێستا(=٢٠٠۴) کە دەڕوا بۆ بیست ساڵ، هێشتا دەقێکی تر لە **بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ** وەدی نەهاتووە. بڵاوکردنەوەی دوویەم جاری ئەم بەیتە ساڵی ١٩٨٩ بوو کە لە ژمارەکانی ٢٨ هەتا ٣٢ی **گۆڤاری سروە** دا چاپکرا. ئێستا کە بۆ جاری سێیەمە بڵاو دەکرێتەوە، دوایین پێداهاتنەوەم ئەنجام داوە و هەندێ جێگای پێویستم دەستکاری کردووە. لەو ماوەیەدا، زۆر کەس بە حەق یا ناحەق، کەڵکیان لە هەوڵەکەی من وەرگرت و وەکی سەرچاوەیەك لە کارەکانی خۆیاندا پشتیان پێبەست. لەمانە ئاماژە بەو چەند کتێبەی خوارەوە دەکەم


- افشار (یزدی)، ایرج، گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ١٣٧٣.
- افشار (سیستانی)، ایرج، مقدمەای بر شناخت ایلها، چادرنشینان، و طوایف عشایری ایران، ٢جلد، تهران، ١٣٦٦.
- افخمی، ابراهیم، قیام ملاخلیل و رد فرمان رضاخان، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٨.
- ئەحمەد محەممەد، مەحموود، مێژووی هۆزی بڵباس، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی، ١٩٨٩.
- مەدەنی، حوسێن، کوردستان و ئیستراتێژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، هەولێر، ٢٠٠٠.
- محەممەد ئەمین، ساڵح، کورد و عەجەم؛ مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، ؟، بەغدا، ١٩٩٢.